# حیزبی تەقوایی چەپی عیراق باوکە رۆیەتی بۆ عیراقو شەرەفی سوشیالیزم دەپاریزیت

## عادل ئیبراهیم

ئیدەی کاك سمیر نوری لەسەر هەلبژاردن لە عیراقدا سادەو روشنو ئازایانەو گەلێك نا سیاسی، زۆر بەداماوی‌و کەساسیەوە وەسفی وەزعی سیاسی عیراق دەکات، ئەوەی کە واقعەو خەلك تیا ئەژی، کاك سمیر لە چەند دیریکدا تەنها شینو واوەیلای بۆ دەکات، ووتارەکەی کاك سمیر بانگەوازە بۆ کۆمۆنستەکان کە فەوری عیراق بە جێ بهیلن، چونکی عیراق هیچ کەلكو سودیکی نەماوەو بە هیچ جۆری شوینی خەباتو ئومیدی کۆمۆنستەکان نییە، سیناریوی رەش بەدەردیکی گەیاندووە هیچ هەولی بەدەرناخوات، ...یا سوشیالیزم هەر ئیستا یا بای بای عیراق.

وەلامیکی تورە بە خەیالاتی کاك ریبوار ئەحمەد ئەداتەوە لەمەر هەلبژاردن، گوایە هەلبژاردن لەپەیوەند بەرژەوندی حیزبی خۆیانەوە سەیر دەکەن، واتە حیزبەکەی کاك سمیر لەبەرامبەر خەلکدا زۆر عادلانەترە، گرنگ خەلکەو حیزب سەد جار دەکەنە قوربانی ئەو خەلکە، حیزبی سیاسیان بۆ چییەو خۆیان بە هەلبژاردنو شتی پروپوچەوە خەریك ناکەن تەنها سوشیالیزم نەبیت.

ئیدەی کاك سمیرو هاوریکانی هەر بەوە دیتە بەرچاو کە کابرایەکی کۆنەپەرستی فەقیرۆکە چۆن هەول ئەدات شەرەفی خانەوادەکەی بپاریزێو هەموو دنیا لە شەرەفی خانەوادەکەیدا دەبینیتەوە، تەواوی تەمەنی بۆ ئەو شەرەفە بەسەر ئەباتو هەر بەو داخەشەوە سەر دەنیتەوە.

تەقوایەکانی عیراق بۆ سوشیالیزم تووشی هەمان دەرد بون، سوشیالیزم بۆیان بۆتە شەرەف، شەرەفی سوشیالیزم بۆتە پیوانەی هەر جولەو ووتەو دیاردەیەك، ئاخۆ چەندە وەلام بە سوشیالستەکەی زەهنی ئەوان ئەداتەوەو شەرەفیان دەپارزیت، هەر بەو مانایەش سوشیالیزم لای ئەوان هەر ئیستایە، نەك بەمانا واقعیەکەی.